**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**کۆمیتەی فینلاند**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران**
**کۆمیتەی فینلاند**

## بانگەواز بۆ وەڕێ خستنی خۆپیشاندان، بە مەبەستی پشتیوانی دەربڕین لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی تێکۆشەری مەهاباد

***هێلسینکی 21.7.2005***

دوای تەقەی چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە رۆژی 18ی پووشپەری ئەمساڵ و شەهیدکرانی "شوانە سەید قادر" بە شێوەیەکی دڕندانە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بوو بەهۆی دەسپێکی ریزە سەرهەڵدانێک کە زۆر لە شارەکانی کوردستانی ئێرانی گرتەوە. رژیمی جینایەتکار و کوردکوژی کۆماری ئیسلامی ئێران هێزێکی زۆری سەرکوت و کوشت و کوشتار لە شارەکانی دیکەوە بەرەو مەهاباد خزاندووە تا خەڵکی قارەمانپەروەری شاری قازی محەمەد چاوترسێن بکات. بە پێی هەواڵەکان تا ئێستا زیاتر لە 50 کەس لە خەڵکی مەهاباد بریندار بوون و نزیک بە 200 کەسیش گیراون. بیریندارەکان بە جیاتی رەوانەکران بۆ نەخۆشخانە لە لایەن رژێمی جینایەتکارەوە بۆ شارەکانی دەرەوەی کوردستان ناردراون تا "بازجووییان" لێ بکەن.

ئەرکی نەتەوەیی هەموو لایەکمانە کە بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە خۆڕاگری خەڵکی شەهید پەروەری مەهاباد و شارەکانی تری کوردستان، بە وەڕێ خستنی خۆپیشاندان لە وڵاتانی دەرەوە، ئەرکی نەتەوەیی خۆمان بەجێ بگەیەنین و بە دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتیمان، ویژدانی بیرورای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە ئاست کردەوەی وەحشیانەی ڕێژیمی تێرۆریستی ئاخوندەکان، وریا بکەینەوە.

بۆ ئەو مەبەستە، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و کۆمیتەی هێلسینکی- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فینلاند و رۆژی شەممە 23.7.2005 ڕێپێوانێک لە کاتژمێر 1ی دوانیوەرۆ تا 3ی ئێوارە لە شاری هێلسینکی بۆ بەردەرگای بالیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی ڕێک دەخەن.

ڕێپێوان لە وێزگەی مێترۆی Kulosaariی هێلسینکی دەستپێدەکات و بەروە سەفارەت کۆماری ئیسلامی رێدەکەوێ.

داوا لە هەموو هەموو هاونیشتیمانانی کورد و ئازادیخوازانی ئیرانی دەکەین بە بانگی مەزلوومیەتی خەڵکی قارەمانی مەهاباد بێن و بە بەشداریان لەهو ڕێپێوانە پشتیوانی خۆیان لە خەبات و سەرهەڵدانی ئەوان دەربڕن.

سڵاو لە ئیرادەی بە هێز و خۆڕاگرانەی خەڵکی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری مەهاباد.
سەرشۆڕی و نەمان بۆ ڕێژیمی کۆنەپەرەست و تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران

**کۆمیتەی هێلسینکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران – فینلاند**

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران – فینلاند**

**ژمارە تەلەفۆن بۆ زانیاری زیاتر:**
فایق مەسعودی 0407604921، حەسرەت خالدی 0407709803